پەرەسەندنی مێژوویی واتای وشەو دەوری لە دەولەمەندکردنی زماندا

لیکسیکولوگیا: Lexicologie

دوکتۆر نەسرین فەخری
کۆلێجی پەروەردە زانکۆی بەغدا

کەرەسەی زمان وشەیە، بۆیە بۆ لە زمان گەیشتن پێویستە لە وشە بگەین، ئاگاداری مێژووی بین لە سەرەتای لەدایك بوونی هەر وشەیەکەوەو ئەو پلانەی بریویەتیو ئەو واتایانەی لێیبوونەتەوەو ئەو لق وپۆپانەی هاویشتویەتیو ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر ناوەرۆك و رووالەتیدا دێت، لێرەو لەوێو لەتەك وشەیتردا لە رستەی هەمە چەشنەدا.

---

١ ـ ووشەی «پشت: PISHT
پشت وشەو ناوێکی سادەیە.

لە رووی واتاوە:

١ ـ پشت: ئەو بەشەیە کە لە مل بەرەوخواری گیاندارە، تا سەر سمتی = کۆڵ = دژیپێش و بەر.

٢ ـ پشت: باوو باپیر، پشتاو پشت. بۆ نموونە:
فلان کەس پشتاوپشت دەچێتەوە سەر فلان تیرە، یا بنەماڵە. یان: لە باوو باپیرەوە...

٣ ـ پشت: یارمەتیدەر، پشتیوان. بۆ نموونە:
تۆ (پشت) بە کێ، یان پشتت بە کێ قایمە، یان: کێ پشتیوانتە لەم کارەدا.

٤ ـ پشت: دوا، دیوی ئەو دیو.
«دیوی ئەو دیوی گوێزە ـ شاربازێرە»(١)
وان لە (دوا)ی ماڵی ئێمەوە، وان لەو دیو ماڵی ئێمەوە، ماڵیان کەوتوتە پشت ماڵی ئێمە.

٥ ـ پشت: «دیوی قوقزی میخ»

٦ ـ پشت: بە واتای (خت)و (ختە)و (ختتە) وتەیەکە بۆ دەرکردنی پشیلە (کتك) بەکاردێت، هەر وەك: (پش)و (پش پش) بۆ بانگ کردنیەتی. هتد..

«پشت» لە وشەی ناسادەدا:

أ ـ دارێژراو لە ناوو چاوك

ب ـ لێکدراو لە ناوو چاوك

١ ـ پشتدار پشت + پاشگری (دار) کە بە واتای (خاوەن) دێت و ناوو ئاوەڵناو دروست دەکات و باوو ئاشکرایە لە زمانی کوردیدا، بۆ نموونە: دڵدار، باڵدار، بریندار، نازدار هتد...

واتا: یەك: شتی دارێژراوو قایم و پتەو.

دوو: خاوەن پشت و پشتیوان.

- پشتین پشت + پاشگری (ین) کە ناوی تازە دروست دەکات بە تایبەتی ناوی (باری) لە کوردیدا، بۆ نموونە: هەڵمات ـ هەڵماتین، هەلووکین، بازبازین. هتد...

- پشتێنە ١ ـ «دارێکە بە ناو (بەرزەگەوە)دا ڕەت دەکرێ بۆ ئەوەی نەجو وڵێ».

٢ ـ «شتێکە بەر بەستی فیچقەی ئاوی نێی ئاسنی پێ دەکرێ».

٣ ـ «پشتێنێکە بە سترابێتە ناو قەدی هێندێ شت بۆ قایمی».

لە: پشت + پاشگری (ین)[٢] + ە =پشتێنە، پێك هاتووە.

٤ ـ پشتی لە: پشت + (ی) پێك هاتووە کە بۆ ناوی تازەو (نیسبەت) بەکاردێت، وەك: کونجی (کونج + ی)، باڵەك ـ باڵەکی، بەرزی، نزمی، ساردی، خێلی، خواری هتد...

لە رووی واتاوە:

یەك ـ پشتی: جۆرە سەرینێکە درێژکۆڵەو تەنکە، پشتی پێوە دەدرێت.

دوو ـ پشتی «پاشەوانەی هەنگە»[٣]

سێ ـ پشتی: شتێکە کە بە کۆڵ هەڵ بگیرێ (ز)[٤]

٥ ـ پشتە پشت + پاشگری (ە ـ e) کە ناوی تازە دروست دەکات، هەروەك: دەست ـ دەستە، ڕاست + ڕاستە، درك ـ درکە هتد...

لە رووی واتاوە:

یەك ـ «پشتی میچی قاپین»[٥]

دوو ـ پشتە، پشت = ختە ـ ختە، وتەیەکە بۆ دەرکردنی پشیلە بەکاردێت.

٦ ـ پشتەك پشت + پاشگری (e - k) کە پاشگرێکی (ناوی)یە، ناوی تازە دروست دەکات وەك: گەرەك، کۆمەك، هێڵەك هتد...

واتا: ـ

یەك ـ «خوری و موویەکە کە لە کاتی برینەوەدا بەسەر ـ پشتی مەڕو بزنەرە دەهێڵرێتەوە».[٦]

دوو ـ «پشتیوانێکە بدرێتە پاڵ شتێك».[٧]

٧ ـ پشتیوان: پشت + پاشگری (وان) بە واتای خاوەن وەك (پاشگری ـ دار)، یان سەر بەو شتە، ناوو ئاوەڵناوی تازە دروست دەکات، بۆ نموونە: باغەوان، مەلەوان، زمانەوان، پاسەوان، گاوان، هتد..

واتا: یەك: پاڵ پشت و یارمەتیدەر

دوو: «دارێکە لە پشت دەرگاوە دادەچەقێنرێ بۆ ئەوەی بخرێتە بەر (پشکۆڵ) بۆ قایمی».[٨]

سێ: «دارێکە لە باری پانی بە پشتی تای دەرگاو دەرابەدا دادەکوترێ».[٩]

٨ ـ پشتەوانە: پشت + پاشگری (وان)[١٠] + ە، وەك: لووتەوانە... «ناوە بۆ دێیەك لە بەری سیروان».[١١]

٩ ـ پشتگین: (پشت + گین) وەك: غەمگین ـ غەم + گین...

پشتگین = «د. دواهەمین، دواکەس».[١٢]

١٠ ـ پشتیر: «هۆدەی ئاژەڵ، گەنجینەی پشت کەلەگێ».[١٣]

پشت لە وشە «ناوو چاوگ»ی لێکدراودا

١ ـ پشتگیر: پشت + گیر (گیرناوو ڕەگی چاوگی ـ گیران ـ یشە).

٢ ـ پشتگیری‌کردن: چاوگ و فرمانی لێکدراوە، بە واتای یارمەتی‌دان لەگەڵ دا وەستان، بۆ نموونە: هەمیشە پشتگیریی مرۆڤی خاوەن ماف و ڕاست گۆ دەکەم.

بۆ نموونە: دەنگی گیراوە، ئاوگیران، گیرم خواردووە بە دەستی‌یەوە. هتد، بە واتای خاوڵی و پەشتەماڵ.

٣ ـ پشت دانەوە[١٤] چاوگی لێکدراوە = پشت + چاوگی‌دان + ە + پاشگری (وە).

واتا = هەڵ دانەوەی ئاگری ناو تەنوور پاش دامرنی، تا گەرم ببێتەوە.

ب ـ پاڵ دانەوە، دەش گوترێت: پشت لێ‌دانەوە

٤ ـ پشتمێر پشتیوان و یارمەتیدەر هاومەبەستی (پشتگیر)ە لێرەدا.

٥ ـ پشترێژ یان ـ پشتەرێژ. (رێژ ـ رەگی فرمانی ـ رشتن ـ ە).

پشترێژ ـ ناوێکی لێکدراوە بە واتای برینداربوونی پشتی وڵاخ بە هۆی باری قورس و زۆرەوە.

٦ ـ پشتەوەشکێن: پشت + ە + وە + شکین (رەگی فرمانی تێپەری ـ شکاندن ـ ە)

بروانە: شەکرشکێن، چاو شکێن.

بە دیوارێك دەگوترێت، کە بەپشت دا شکابێتەوە، خوار ـ بوویێتەوە بۆ پشتەوە.

٧ ـ پشتەسەر: پشت + ە ـ سەر: ناوێکی لێکدراوە.

ـ جۆرە خشڵێکی پلپلەدارە لە زیو یان زێر دەکرێت و ئافرەت دەی‌دا لە پشتی سەری یان لە پشتی سەروپێچی، هەروەك لە ناوەکەیەوە دیارە، هەروەك (لاسەرەش) هەیە کە ئەمیان دەدرێت لە لایەکی سەر.

٨ ـ پشتەمەلە: مەلەکردن لەسەر پشت، ئەمەش جۆرە مەلەیەکە.

٩ ـ پشتەپا: پشتەپێ: شەق، (پاشقول گرتن)یش هەیە کە بە پێیە.

١٠ ـ پەشتەماڵ: جۆرە (خاولی) یەکە پان و گەورەیەو تایبەتییە ـ پەشتەماڵی ـ حەمام، واتا: پشتگیر ـ لە پشت دەئاڵێنرێو بەپشتەوە دەبەسترێت، (دەسماڵ ـ دەست ماڵ ـ)یش هەیە کە ئەم دەدرێت (بەکۆڵ و شان و مل)دا.

١١ ـ پشت ماڵە: بەو دراوسێیە دەگوترێت کە ماڵی کەوتبێتە پشت ماڵی یەکێکی ترەوە، نەك بەرامبەر بە ماڵەکەی یان تەنیشت و ئەملاوئەو لای. واتا: ئەو دیوی ماڵێکی تر.. کە پشتیان دەکەوێتە یەکتری...

١٢ ـ پشت هەیوان: پشتەیوان ـ ئەو ژوورەیە کە دەکەوێتە پشتی (هەیوان)ەوە.

١٣ ـ پاڵ پشت: پشتیوان، یارمەتیدەر، پشتمێر، پشتگر.

١٤ ـ پشتیوانی‌کردن: یارمەتی‌دان و خاوەنداری کردن و پشت گرتن.

بروانە ـ پشتیوان ـ بە تەنیا.

١٥ ـ پشت گرتن: پشتیوانی کردن.

١٦ ـ پشت گوێ‌کردن: پشت + گوێ + کردن (چاوگی تێپەر).

واتا: هەڵ پاچینی وردە قژ و تووکی بن پرچی ئافرەت.

١٧ ـ پشتکۆڵ = پشکۆڵ: دارێکی درێژە لە ناوەوە دەدرێتە پشت دەرگا بۆ قایم کردن.

(پشت) لە جووتە وشەدا:

پشتاوپشت ١ ـ پشتاوپشت دەگەڕێتەوە سەر فلان بنەماڵە، یان خێزان.

٢ ـ پشتاوپشت بەربۆوە، بە پشتا کەوتە خوارەوە.

نموونەش لەم جۆرە زۆرە. وەك دولاودوڵ، کوناوکون..

(پشت) لە ئیدیۆم و زاراوەدا

---

١ ـ پشت گوێخستن = گوێنەدان بە قسە، یان کاروکردەوەیەك یان کەسێك، فەرامۆش کردنی، بەتەنگەوە نەهاتن، هەروەك گوێی لە هیچ نەبوویێت وایە.

٢ ـ پشت ساردبوونەوە = وازهێنان لە کارێك، یان هەر نیازێك بێت، لەبەر هەر هۆیەك بێت، وەك لەبەرچاوکەوتن، یان زۆر پێوە ماندووبوون هتد...

٣ ـ پشت ساردکردنەوە = یەکێك ببێتە هۆی ئەوەی ئەوی‌تر واز لەو کارە بێنێت و بتوانێت لەبەر چاوی بخات.

٤ ـ پشتی‌شکا = بۆ کەسێکە کە کۆستی بکەوێت، خۆشەویستێك یان گەورەو پشتیوانێکی لێ‌بروات، کە پشتیوان نەما، پشت دەشکێت.

٥ - پشتیشکـانـد: ئەمـەش بۆ کەسێکـە کە ببێتـە هۆی سەرلێشێوانـدن و زیان گەیاندنێکی گەورە بە کەسێك، کە هەروەك پشت شکاو لە پەلوپۆ دەکەوێت و بە دەست ئازار و - ئەشکەنجەوە دەتلێتەوە وای بەسەر دێنێت، یان داوێکی گەورەی پشت شکێنی بۆ دەنێتەوە وەك دوژمن بۆ دوژمن.

٦ - پشتی بۆکەس نادا بەعەرزا = بۆ مرۆڤێکی بەجەرگ و سەربەرزو پاکە، تا ناعیلاجیش سەری بێشۆڕ ناکات و پشتی نادات بە عەرزداو کوڵ نادات و نابەزێت.

٧ - پشـتیدا بەعـەرزا: ئەمـە بە تەواوی بە پێچـەوانـەی نمـوونـەی ژ (٦)ی سەرەوەیـە. لێرەدا بۆ کەسێکـە کە دەبەزێت و دەکشێتە دواوەو وازدێنێت، کە بەرامبەرەکەی لە خۆی زاڵ ترو بەهێـزتـر بوو، تا توانـیی پشتیبـدا بەعەرزداو کوڵی پێبدات.

٨ - پشتی لێداوە بەعەرزا رقیگرتووە، تووڕە ئەمە وەك (پێی لێداوە بە (عەرزا) وایە.

٩ - دەرگاکەی خستە سەرپشت: بەکراوەیی بەجێیهێشت.

١٠ - وەك پەشتـەمـاڵی حەمـام وایـە هەر ساتە وا بە بەرگێکـەوە: بۆ کەسێکی بێبـارو هەڵ پەرستـە، کەجێی متمانە نییە.

١١ - حەوت پشتی لە قەبر دێنێتە دەرەوە - واتا: وا لێیڕو تووڕەیە:

١٢ - حەوت بەردی داوە بە پشتی.. واتا: فلان هیچ نییە، لەچاو ئەم دا.

١٣ - پشتیلێهەڵ کردووین - زویرو عاجزە لێمان.

١٤ - پشت لێکردووین بەولادا - بڕوانە ژمارە (١٥) کە (هاومەبەست) تێتی.

بۆ هەمان مەبەست دەش گوترێت: لووتی لێ هەڵ کردووین.

١٥ - پشت ئەستوورە = پشتی قایمە، پشت ئەستووری.

١٦ - پشت قایم بڕوانە ژمارە (١٧) هاومەبەستەکەی.

هەردووکیـان بۆ کەسێـك بەکـاردێت کە کەسێکی بەتواناو بەدەسەڵات لەدوایەوە بێت.

١٧ - پشت بەخوا - کەسێك دەیڵێت کە بە تەمای کارێك، یان کەسێـك بێت کە ئومێـدێکی پێی هەبێت و بۆ ئەم هیـوایـەش (پشت بەخودا) دەبەستێت و بە ڕەنج و تەقەلای خۆی...

١٨ - «بە پشتە ملە». واتا بە زۆرە ملە - یان - ملێ). ئەمەش بۆ کەسێکە کە بە زۆر کار بە یەکێك بکات، یان بە زۆرە ملێ خۆی ئەو کارە بکـات، لەبـەر بە دەسـەڵاتـی ئەو کەسـەو بێدەسەڵاتیو ناچاربوونی خۆی.

١٩ - پشت پێ بەستن: پشت پێ قایم کردن - پشتی پێ قایم دەکـرێت، واتـا پشتی پێدەبـەسـترێت، جا یان لەبەر ئەوەی بە توانایە یان جێگەی متمانەیە، یان هەردووکیان.

٢٠ - پشتی پێ نابەسترێت، پشت پێنەبەستن = پشت پێقایم نەکـردن، دژی نمـوونـەی ژمـارە (٢١)، یان لەبـەر ئەوەی بێتوانایەو ئەو کارە لە وزەی ئەودا نییە، یان جێگەی بڕوانییەو تەنیا قسەی لە باردایەو بەس..

٢١ - پشت (کوڵی) پشت دەرگامە = واتا: پشتیوانمە

٢٢ - وەك نیسك وایە بەرو پشتی بۆ نییە، واتا: دوو ڕووە، جێگەی متمانە نییە، بۆ هەمان مەبەست کورد دەڵێت:

ڕوو بەڕوو دەم چەور، پاشەملە دەم تەور

(پشت) لە (پەندی پێشینان)دا

١ - برا لە پشت برا بێ مەگەر قەزا لە لای خودا بێ

٢ - پشتم سەفین بێت تف لە ئاسنیش دەکەم.

پشت لە (یاری)دا

١ - پشت لێدان:

________ ناوی جۆرە (یاری)یەکە کە چەند کەسێك، یەك لە دوای یەك بە کووری دادەنیشن و بەرودوا بە سەریەك دا بازدەدەن، لێدانی پشتیان لە پشتی ئەویتر.

٢ ـ سابوونی ڕەقی پشتم تەقی
سابوونی بەزی پشتم تەزی
ئەمیش (یـاری)یـەکـە کە دوو دوو پشت دەنین بە پشتی یەکـەوەو دەسـت لە دەسـتی یەك دەئـاڵێنن لە دواوەو بە نۆبەت و بە پشت یەکتری بەرز دەکەنەوە. . .

---

٢ ـ ووشەی ـ کۆڵ ـ COL
کۆڵ: ووشەو ناوێکی سادەیە

لە ڕووی واتاوە

کۆڵ ١ ـ = پشت: بە کۆڵ هەڵم گرت = بە پشت
لە پەلوپۆ کەوتووەو بە کۆڵ هەڵی دەگرن و دایدەگرن.
٢ ـ بار، قورسـایی، ئەو شتـە، یان هەر شتێـك بخـرێتە سەر پشت بۆ هەڵ گرتن و گواستنـەوەی لە شوێنێکـەوە بۆ شوێنێکیتر، دەگوترێت ئەو کۆڵە بدە بە کۆڵیدا.
٣ ـ = زۆر: کۆڵێـك ئیشم هەیـە، کۆڵێـك (کـۆشێـك مندالی بەسەردا کەوتووە، یان ـ لە پاشی بەجێ ماوە.
٤ ـ ناوی ئەو دارە بۆشەیە کە دۆشاوی لێدروست دەکرێت.

کۆڵ ـ لە وشەی ناسادەدا:
أ ـ لە ووشەی دارێژراودا ـ
١ ـ کۆڵەوانە کۆڵ + ە + پاشگری (وان) + ە.
سەرنجی ئەم نمـوونـانـەش بدەن کە بە هەمـان شێـوە دروست بوون = لووتـەوانـە، پاوانـە، بەپێچـەوانـە، حەوتەوانە هتد. . .
واتا ـ جۆرە بەرگێکی کوردییە، وەك (دەسماڵ) دەدرێت بە (کـۆڵ)دا، بۆ جوانیو بۆ خۆپـاراستن لە سەرمـاوبـا.
پێشی دەگـوتـرێت ـ چارۆکـە ـ ئەگەر چوارچێوە یان چوار گۆشـە بوو، ژنـانـەیـە، لە سەرشـانەوە دێتە خواری بەرەو پشت و لەپێشـەوەو لەسـەر سنگ هەردوو لکـەکـەی گرێ دەدرێت تا نەکەوێت.
٢ ـ کۆڵەکە کۆڵ + ە ـ کە
(کە) پاشگرێکی (ناوی)یە، ناوی تازە دروست دەکات، هەروەها، بۆ بچووك کردنەوەش بەکاردێت.
بۆ نموونە: پوولەکە، چارۆکە، جاڵجاڵۆکە، خولخولۆکە، درکە. هتد. . .
واتـاکـەی دیـارو ئاشکـرایە. دەگوترێت. . ئەم ژوورە بە کۆڵـەکـە بەنـدە. . کۆڵـەکـەی ماڵـە: بۆ سەردارو خاوەن ماڵ. . واتا (ئەستوون ـ ئاسمان ئەستوونی ناوێ).
٣ ـ کۆڵەوار کۆڵ + ە ـ وار
(وار) پاشگرێکی (ناوی)یە، ناوی تازە دروست دەکات.
خوێندەوار، شوێنەوار، پاشەوار، هتد. .
واتا: ئەرکی گرانە، باری سەرشانی قورسە، گیرۆدەیە، (کۆڵەوارە بە دەستیانەوە)، لە ژیانیدا نارەحەت و بێزارە.
٤ ـ کۆڵ دانەوە = چاوگێکی لێکدراوە ـ بە واتای ـ حەسانەوە، پشت دانەوە، دانیشتنێکی کەم و کورت بۆ پشوودان بە خۆ.
٥ ـ پشت کۆڵ = ناوی دارێکی درێژە، دەدرێتە پاڵ دەرگا لە دیوی ناوەوە بۆ داخستن و قایم کردنی.
٦ ـ کۆڵ نەدەر[١٧] نەبەز، ئازا، سەربەرز.
بۆ کەسێك بەکاردێت کە بۆ هیچ کارو کارەساتێك پشت نە ـ دات بە عەرزدا.
دژی (کۆڵدەر) ە = دەگوترێت زوو کۆڵی دا = بەزی.
نەیبردە سەر، کشایە دواوە. هتد. . .
٧ ـ لەکۆڵ کەوتووە ـ کەڵکی پێوە نەماوە، بۆ شت و بۆ مرۆڤی بێکـەڵکیش بەکـاردێت، یان بۆ ئەو کەسـەی توانـای نەمـابێت جا لەبـەر ئەشکـەنجەو ئەرکی زەمانە بێت، یان گیرۆدەی داوی نەخۆشیو بە ساڵ دا چوون بێت.

کۆڵ ـ لە ئیدیۆم و زاراوەدا ـ
١ ـ کۆڵ دانـەوە[١٨]: پشت دانـەوە، کۆڵی دایـەوە = پشتی دایەوە = پاڵی ـ دایەوە. واتا: بۆی دانیشت بەبێ باکی.

٢ ـ كۆڵی‌دا = كۆڵ دان ـ دژی ـ كۆڵ نەدان ـ ە ـ كۆڵی‌دا =ە بەزی، بۆ نموونە دەڵێن: زۆری هەوڵ داو سوودی نەبوو تا كۆڵی‌دا... یەعنی ـ كشایە دواوەو ئومێدی بری.

٣ ـ لەكۆڵم نابێتەوە = وازم لێ ناهێنێت، بەرۆكم بەر نادات، پێمەوە ـ نووساوە.. دەگوترێت: بە هیچ كلۆجێك لە كۆڵم ـ نابێتەوە، دەڵێی مێردە زمەیە سواری سەرم بووەو لە كۆڵم نابێتەوە.

٤ ـ لەكۆڵ كەوتووە = لە پەلوپۆ كەوتووە.

٥ ـ بەكۆڵمەوە بووە بەسەرم دا، بووە بە بار بە سەرمەوە، تووشم بووە بە توشی‌یەوە، ناچاری‌و ناعیلاجی دەردەخات سەرەرای (ئەرك)ی خۆی.

٦ ـ كەركۆڵ = بارسووك = (سەڵت و قوڵت)ە، یان (سەڵت وقووتە) = تەنیاو بارو ئەرك سووكە.

٧ ـ پشت كۆڵی[٧] پشت دەرگامە = پشتیوان و یارمەتیدەرو سەرداری ماڵمە.

(كۆڵ) لە پەندی پێشینان دا:

«هەقی بزنی كۆڵ بەسەر شاخدارەوە نامێنێ».

(كۆڵ) لە (یاری)دا

كۆڵ كۆڵێن: ناوی (یاری) یەكە، كە هەر لە ناوەكەیەوە دیارە كە دوو دوو یەكتری بە نۆرەو بە پشت هەڵ دەگرن لە شوێنێكی نیشانەكراوەوە بۆ شوێنێكی تری دیار.

ب ـ هەروەها وەك گرەو بەكاردێت لە (یاری) دیكەدا، ئەگەر هاتوو ئەو یاری‌یە گرەوی تێ‌دا هەبوو، جا ئەو كەسەی یاری دەدۆڕێنێت ئەو كەسەی یاری‌یەكەی بردوتەوە بە كۆڵ هەڵ دەگرێت لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیاری‌كراو جارێك یان جارێك زیاتر بە پێی ئەو گرەوە.

هەروەها بڕوانە ئەم نموونانە.

١ ـ درێژ كۆڵە: ناوەڵناوێكە بۆ كەسێكی مەیلەو درێژ و باریكەلە بێت.

٢ ـ مستەكۆڵە مست + كۆڵ، هەر دوو وشەكە دیارە.

مستەكۆڵە بەو جۆرە لێدانە دەگوترێت كە مستی دەستی تێ‌دا كۆدەكرێتەوە، واتا دەست دادەخرێت و دەنووقێنرێت و ئەوجا بۆ لێدان دەدرێت بە پشت و كۆڵ دا.

٣ ـ «كاكۆڵ زێرین و دان مرواری».

ناوی حەكایەتێكی كوردی‌یە، كە تایبەتی‌یە، بە منداڵان.

ئەنجام

ـــــــــ: لە ئەنجام دا نامانەوێت دیسانەوە هەندێك نموونە دووبارە بكەینەوە بۆ دەرخستنی ئەو تایبەتیانەی لەم ووشانەدا هەن و ئەوەی زیاتر روون دەبێتەوە لە پاڵ وشەی‌ترو رستەو نموونەی جیاوازدا، خوێنەر خۆی بە وردبوونەوەو سەرنج دان دەتوانێت دەست نیشانیان بكات و بەڵكو خاسیەت و نموونەی دی بێتەوە بیر كە دەی‌زانێت و لێرەدا باسی نەهاتووە، هەروەها بەراوردی نێوانی دوو وشەی (پشت)و (كۆڵ) بكات وەك دوو وشەی (هاو مەبەست) لە لایەكەوە، لە لایەكی ترەوە وەك دوو وشەی جیاوازو سەربەخۆ لە رووالەت و ناوەرۆك دا لەگەڵ گەیشتن بە هۆكانی، بۆ نموونە: «كۆڵ» ـ كە ناوە ئەو (بار)و شتەی كە كۆدەكرێتەوە لە شتێك دا، یان دەبەسترێت، پاشان دەخرێتە سەر پشت بۆ هەڵ گرتنی لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی‌كە ناوی ئەو (بار)ە كە (كۆڵ)ە، بووە بە ناویش بۆ (پشت) بە ـ هۆی ئەو پەیوەندی‌یەی كە لە نێوانیان دا هەیە وەك دەرمان خست و هەر بەمەش بوون بە هاومەبەستی یەكتری، وەك: ئەو (بارە) بدە بە پشتی‌دا، ئەو (كۆڵە) بخەسەری پشتی، ئەو (كۆڵە) بدە بە (كۆڵ)ی‌دا، (كۆڵ)ەكەی قورسە، بارەكەی گرانە هتد...

پەراوێزەكان

---

(١) بڕوانە (فەرهەنگی خاڵ) جـ١، ١٩٦٠، هەروەها لە ژ (٣)وە تا (١٣)ەش.

(٢) (ین) پاشگـرێکی (نـاوی)یـەو بە گشتی ناوی یاری لە کوردیدا دروست دەکـات، بۆ نمـوونـە: هەلـووکێن، هەڵماتێن، جغزێن، بازبازێن، پەت پەتێن هتد... لە پاڵ وشەیتردا وەك بۆمان دەرکەوت لێرەدا، بەرامبەریشی پاشگـری (ین)یش هەیـە کە تەنیـا لە رووالـەت دا جیاوازییان لە دەنگی (ی)دایە کە لە یەکەم دا (سووك)و لە دووەم دا (تیـژ)ە.. ئەمیـان، ناوو ـ ئاوەڵنـاو دروست دەکات، هەریەکە بە ڕێبازی خۆی، بۆ نموونە: سەر ـ سەرین، شەرم ـ شەرمین، نەرم ـ نەرمین هتد:..

(١٤) و (١٥ ئەم دوو نمـوونـەیـە کە (پشت دانـەوە)و (پشت گرتن)ە بە پێی شوێنی بەکارهێنانیان، جار هەیە ڕاستەوخۆ ـ مەبـەست خۆیـەتیو جاریش هەیـە (کنـایـە) ئیـدیـۆم و زاراوەن و لەبـەر پێـوەنـدیێـك لە نێـوانی ئەم وشـەیـەو واتـاکـەیو ئەو مەبـەستـەدا هەیـە بۆی بەکـاردەهێـنـرێت، سەرنجیان بدەوە، لەگەڵ نموونەی هەمە چەشنەدا کە لەم باسەدا هەیە...

(١٦) ـ بروانەو سەرنجی دووبارە بوونەوەی وشەی (پشت) بدە لە هەمـان نمـوونـەدا، لەگەڵ هاتنی هاومەبەستەکەشیدا (کـوڵ)، هەروەك ئەگـەڵ (دژمـەبەست)ەکەشیدا هاتووە لەم نمرونەیەدا بەپێچەوانەی نموونەی باسکراو لە ژ (٤)ی سەرەوەدا.

(١٧) ـ ئەمـە دیـارە کە پاشمـاوەی رەوشتێکی کۆنـە کە (زۆران بازی) مەرجێك بوو جاران، جا کام لا پشتی ئەویتری بدایە بە عەرزدا ئەو سەردەکەوت و مەرجەکەی دەبردەوە، پاشـان ئەمـە بوو بە یاریـی (زۆران بازی) لە (زۆرخانە)کان داو ئەمڕۆ بەرانبەری وەرزشی (زۆران بازی ـ المصارعە) هەیەو ئەم ئیدیۆمی (کوڵ نەدەر) لەوەوە هاتووە...

(١٨) بۆ ئەمە بگەڕێرەوە بۆ باسی پشت.

سەرچاوەکان

١ ـ فەرهەنگی خاڵ ـ شێخ محمدی خاڵ، سلێمانی، ١٩٦٠. ج١.

٢ ـ فەرهەنگی خاڵ ـ شێخ محمدی خاڵ، سلێمانی، ١٩٦٤. ج٢.

٣ ـ پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ، بەغدا، ١٩٥٧.

٤ ـ پەندی کوردی، عومەر شێخەلاّ دەشتەکی، هەولێر، ١٩٧٢.

٥ ـ پەنـدی پێشینـان ـ لە شیعـری کوردیدا، کەریم شارەزا، بەغدا، چاپی کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٦.

٦ ـ ئەوەی خۆم دەیزانـم و لە بیـرمـە، یان بیستـوومـەو کۆم کردۆتەوەو نووسیومەتەوە.

٧ ـ سەرچاوەیتر لە کوردیو عەرەبی کە ئەمانە، یان بەشێك لە مانەیان هێناوەتەوە یادم.. بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە وشەو کەلەپوورەوە هەبێت (نووسەر).

ملخص البحث

تطور تاريخ معنى الكلمة ودوره في اغناء اللغة

الدكتورة: نسرين فخري
كلية التربية ـ جامعة بغداد

يتناول هذا البحث اللغة بان مادتها هي الكلمة او اللفظة، لذلك لابد من استيعاب اللفظ لنستوعب اللغة، ونقف على تاريخ الكلمة بدأ من ميلادها وانتهاء بالمراحل التي تمر بها والتغيرات التي طرأت عليها من حيث مظهرها وجوهرها في سياق وجودها ضمن مفردات اخرى وفي جمل متنوعة. بعد هذه المقدمة تقف الباحثة على كلمتين اثنتين (پشت ـ ظهر) و(كۆل ـ ظهر) وتتناول تلك الكلمتين من حيث معناهما، في الكلمة غير البسيطة (والمصطلح والمشتق) تأتي بامثلة وتوضح التغيرات التي تحدث في كل كلمة من حيث الاضافات واللواحق التي ترتبط بها وتعطي معاني جديدة في سياق استخداماتها المتعددة ضمن الجمل والتراكيب. حيث ان تلك الكلمتين كانتا في الاساس كلمتين مترادفتين في المعنى لكنهما خرجتا عن اطارهما الحقيقي واخذتا ابعاداً اخرى من حيث الجوهر والمظهر فاغنتنا اللغة الكردية بمعاني ومفردات جديدة، من هنا فان الوقوف على تاريخ معاني الكلمات والامعان في تطورها لمعرفة دورها في اغناء اللغة الكردية مسألة ضرورية لابد من الاهتمام بها.

ويبدو ان الباحثة قد اعتمدت عدة مصادر اضافة الى معلوماتها الشخصية. فعدت (قسەی پێشینان ـ الامثال والحكم) الكردية خير منهل لارتشاف المفردات التي تغني لغتنا الكردية وتطورها وتحفزنا للمزيد من سبر اغوار تراثنا الفولكلوري السابغ علينا نعمة العطاء المستمر.